لەم ژمارەیەدا
ل٣ خۆپیشاندانەکانی باکورو هەروەستەیەك
ل٤ پێگەی چوارشەممە لەکەلتوری کوردەواریدا!
ل٥ کێشەی کورد و دۆزی دیموکراسی
ل٧ فەلسەفە بێنینە نێو خەڵکەوە



# رۆژی گەل

ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٤٦) یەکشەممە ٢٠٠٦/٤/١٦


## خوازیارم کورد پارێزگاری لە فەرهەنگی خۆی بکات



شیرین عیبادی پارێزەری ناسراوی ئێرانی، چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤ، وەرگری خەڵاتی نۆبل لـەدوایین دیداری خۆیدا سەبارەت بەخواستی نەتەوەی کورد، گوتوویەتی: پێویستە کورد لەتورکیا مافی ئەوەی هەبێت پەرە بەزمانو کلتوری خۆی بـدات و بیانپـارێزێ، هـەروەها دەبـێ کـورد لەئێرانـدا هـەمان مافیـان هەبێت. من خوازیاری ئەوەم کورد لـەتورکیاو ئێرانیشدا بتـوانێ پارێزگاری لە کولتوری خۆی بکات. ئەمە مـافی رەوای خۆیانـەو نابێ رێگەیان لێبگیردرێت.

# پاشماوەی ئەنفالکراوەکان لەدەستەڵات بێ هیوان و ساڵیادی ئەنفالیش بەبێ دەنگی تێپەڕکرا

## ژەنەراڵەکان داوای وازهێنانی رامسفێلد دەکەن



*هەواڵەکان:* لـەدوایین راپرسـیدا کـە لـەنێو ژمارەیـەکی زۆر لەئەفسـەرانی خانەنشـینکراوی سـوپای ئـەمریکادا کـراوە، دەرکـەوتووە کـە ٩٠٪ لـەو بڕوایـەدان کـە رامسـفێڵدی وەزیـری بەرگری، زیـانێکی گـەورەی بـەناوبانگو توانـای سـوپای ئـەمریکا گەیانـدووە، وایکـردووە کـە رێـزو خۆشـەویتی سـوپا لـەنێو خەڵکـدا بـەرەو لاوازی بـڕوات، بەتایبـەتیش ریسـواییەکانی زینـدانی ئـەبوغرێب گـورزێکی کاریگـەری لەناوبانگو متمانەی ئـەو سوپایە داوە، ئێستا میدیاکانی جیهان بەچاوی درندە لەوسـەربازانە دەڕوانـن کـە ریسـواییەکەیان ئەنجامـداوە. بۆیـە زۆربـەی هـەرەزۆری ژەنـەراڵو دەرەجـەدارەکانی سـوپای ئـەمریکا، بەتایبـەتیش خانەنشـیکراوەکان داوا دەکـەن کـە رامسـفێڵد دەسـت لـەکار بکێشـێتەوە، لەبەرانبـەر داوای ئـەو ژەنەراڵانـەدا سـەرۆکی ئـەمریکا گوتوویەتی: من لەوباوەڕەدام رامسفێڵد رووبـەڕووی بـارودۆخێکی پـڕ کۆسـپو تەگەرەبۆتـەوە، بـەڵام بەباشـی ئـەرکی خۆی جێبەجێ کردووەو شایانی ئەوەیە لەپۆستەکەی خۆیدا بمێنێتەوە.

## شیعەکان لەگەڵ کاندیدکردنەوەی تاڵەبانی دان



جەلالـەدین ئەلسـەغیر ئەنـدامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسـلامی لەعێراق کـە عەبدولعـەزیز ئەلحـەکیم سەرکردایەتی دەکات، لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی حـەیات رایگەیانـد: کـە ئـەوان وەك شـیعە پشـتیوانی لەکاندیدکردنـەوەی جـەلال تاڵـەبانی بـۆ سـەرکۆماری عێـراق دەکـەن، هەرچـەندە کوردەکـان ئیـبراهیم جەعفـەریان قـەبوڵ نییـەو داوایـان لەئێمـەکردووە کـە کەسـێکی دیکـە لەجێگای ئەو کاندید بکـەین، ئێستا بـەکردەوە شـیعە بـۆ گـۆڕینی جەعفـەری لـەنێو خۆیدا گوفتوگـۆ دەکـات. بـۆ ئـەم مەبەسـتە میکـانیزمێکی گونجاومـان دانـاوەو لەکۆبوونـەوەی رۆژی دووشـەممەدا باسی لێوەدەکـەین. نـاوبراو گـوتی: لیسـتی شـیعە پشـتیوانی لەکاندیدکردنەوەی سەرۆك تاڵـەبانی دەکـات، چـونکە ئێمـە هاوپـەیمانی کـوردینو تاڵـەبانیش کاندیـدی بێهـاوڕکی ئـەو پۆسـتەیە. لەلایـەکی تـرەوە ئەنـدامێکی لیسـتی ئیئـتلاف کـە نەیویسـتووە نـاوی خـۆی ئاشـکرابکات رایگەیانـدووە کـە عەبدولعـەزیز حـەکیم نـاتوانێ کەسێکی دیکە لەجێگەی جەعفەریدا کاندیـد بکـات، چـونکە بـەو کـارەی لیستی ئیئتلاف بەرەو هەڵوەشانەوە دەبـات. لەوانەیـە کاندیـدکردنی جەعفـەری لەپەرلـەمان بخرێتـە دەنگدانـەوە، لـەکاتی وەرنـەگرتنی متمانەدا،ئەوسـا دەکـرێ کەسـێکی دیکە کاندید بکرێت.

## ئەنجومەنی ئاسایش بۆ تاوتوێ کردنی دۆسیەی ئێران کۆدەبێتەوە

سێشـەممەی رابـردوو سـەرکۆماری ئێـران ئـەزموونی سـەرکەوتووی پیتانـدنی یۆڕانیـۆمی راگەیانـد، هـەروەها لـەکۆمجڤینی پاڵپشـتی لەخـەڵکی فەلەسـتیندا، گوتی: ئیسرائیل وەك قەوارە بـەرەو توانـەوە دەچـێت. دوای ئـەوە ئـەمریکاو هاوپـەیمانانی چـالاکی دیبلۆماسـی خۆیـان چـڕ کـردەوە، ئێستا دەیانـەوێ کێشـەی بەرنامـەی نـاوەکی ئێـران بـۆ ئەنجومـەنی ئاسـایش بگوازرێتـەوە. لـەم پێوەندیـەدا میخائیـل کـامینین وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی روسیا وتـی: بڕیاروایـە رۆژی سێشـەممەی داهـاتوو ٥ ئەندامـە هەمیشـەییەکەی ئەنجومـەنی ئاسـایشو نوێنـەری ئـەڵمانیا سـەبارەت بـەو کێشـەیە کۆببنـەوە. ئـەوەی شـیاوی باسـە روسـیا و چـین داوا دەکـەن کـە کێشـەی بەرنامـەی نـاوەکی ئێـران لەرێگـەی دیبلۆماسـیەوە چارەسـەربکرێتو ئێـرانیش مـافی ئەوەی هـەبێت کـە پـەرە بەبەرنامە ئەتۆمییەکەی بدات، بە مەرجێك ئەم گەشەپیدانە لەگەڵ بڵاونەبوونـەوەی چەکی ئەتۆمیدا بگونجێت.

## کلاودیا ناخوازێ چەکی ئەڵمانی دژ بەکوردان بەکار بهێنرێ



**کلاودیا روث** سـەرۆکی پـارتی سـەوزی ئـەڵمانیا لـەدوای کۆبوونـەوەی لەگـەڵ ئۆسمـان بایـدەمیری سـەرۆکی شـارەوانی شـاری دیاربـەکردا، بەرۆژنامـەوانانی راگەیانـد کـە ئـەوان نـاخوازن ئـەو تانکانـەی ئـەڵمانیا بـە سـوپای تورکیـای داوە، دژ بەگـەلی کـورد بەکاربهێنرێن. ئەو گوتی لێکۆڵینەوە لـەو مەسـەلەیە دەکرێـت کـە بـاس لەبەکارهێنانی تانکەکانی ئەڵمانیا دژ بەکوردان دەکرێت. ناوبراو وشیاری داو گـوتی: هەنـدێك دەیانـەوێ دوژمنایـەتی نێـوان نەتـەوەکان گەورەبکەن، بـەڵام ئێمـە دەمانـەوێ لەناوچـەکەدا ئاشـتی بەرقـەراربێو نەتـەوەکان بەمافـەکانی خۆیـان بگـەن. مـەرجی دیموکراسـی بـوونو بەرئەنـدامێتی لەیـەکێتی ئـەوروپا ئەوەیـە کـە گـەلان بـەمافی خۆیـان بگـەن. بـۆ ئێمـە کێشـەی کـورد زۆر گرنگـەو دەبـێ تورکیـا لـەو راسـتیە تێبگاتو دژ بە خـەڵکی سڤیل چـەك بەکارنـەهێنێ، هـەروەها نـاوبراو رایگەیاند ئێمە خوازیارین کە پەکەکە چـەکەکانی خـۆی دابنـێ، بـەڵام بـەر لـەدانانی چـەك دەبـێ دەوڵـەت نەخشەی رێگەچارەیەك بۆ کێشـەی کـوردان دابنـێو بیریـش لـە بەکارهێنانی چەك نەکاتەوە.

## رۆژەڤ

لەدیرۆکی خەباتی گەلی کوردستاندا ١٤ی نیسـان بـەرۆژی ماتـەمی نەتـەوەیی ناسـراوە. هەژدەسـاڵ لەمەوبـەر لـە ١٩٨٨/٤/١٤دا رژێمـی بـەعس بەمەبەسـتی لەنێوبردنی گەلی باشووری کوردستان شاڵاوی ئەنفالی دەستپێکرد. لەماوەی کەمتر لەچەند مانگێکدا زیاتر لەچوار هـەزار گونـدی خـاپوور کـردو زیاتر لـە١٨٢ هـەزار کەسی سڤیلیشی راپێچی بیابانی مەرگ کرد. ئەوێ رۆژێ جیهـانی بەرژەوەنـدخواز لەخەودابوو، کەسێ گوێی لەهاوارەکانی گەلی کوردستان نـەگرت. ئـەو مرڤـە پـاكو بێگەردانە بێ ئەوەی کەسێ بەدەنگیانـەوە بـێ، زیندەبەچـاڵ کـران. بـەو هۆیـەوە هـەزاران بنەماڵـە هەناسـە سـاردو بێهیـواکران. گـەلێك لـەدووڕیانی مـەرگو ژیانـدا راگیرا. تـەنیا سێ ساڵ دوای ئەو تاوانە رقی جـەماوەری سـتەمدیدە بـوو بـەباهۆزو تاوانکارانی راونا. ئەمە سێ ساڵیشە ئەو رژێمـەی بڕیـاری مـەرگی خـەڵکی سڤیلی دابـوو، شـاڵاوی ئـەنفالی بـەڕێوەبردبوو رووخێنـراوە، گـەور تاوانبـاران لەزیندانـدا راگیراونو لەماوەی داهاتوودا لەسەر ئەو تاوانەیان دادگەیی دەکرێن.


ئەمسـاڵ بنەماڵـەی قوربانیـان چـاوەڕوان بـوون بەشـێوازێکی جیـاوازو بـەرێورەسمێکی کەموێنـەوە سـاڵیادی قوربانیـانی ئـەنفال بکرێتـەوە، مخـابن ئەمساڵیش بەدەنگێکی نزمەوە ساڵیادی قوربانیـانی ئـەنفال تێپـەڕبوو. حکومـەتی هەرێمو دەستەڵاتدارانی کوردستان وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەدانەوە. پازدە ساڵە خـەڵك چاوەڕوانی ئـەوە دەکـات کـە دەسـتەڵاتداران وەفـاو دڵسـۆزی بـۆ خـوێنی شـەهیدان بنـوێننو لـەو رۆژەدا دڵنـەوایی بنەماڵـەی قوربانیـەکان بکـەنو رێزیـان لێبگرنو هاودەردیان لەگەڵدا بکـەن. مخـابن بەدرێـژایی ئـەو ١٨ سـاڵەدا بنەماڵـەی قوربانیەکان بە تەنیا لە نێو ئێشو ئازاری لەدەستچوونی خۆشەویستانی خۆیـانو نەداریو بێدەرەتانیدا ژیاون، بەدەگمەن ئاوڕیان لێدراوەتـەوە، تەنانـەت ئـەو بـڕە مووچەیەی کـە یـەك دوو سـاڵێکە بـە پاشمـاوەی قوربانیـەکانی ئـەنفال دەکرێـت، شایانی ئەوە نیە دڵی پێخۆش بکرێو باسی لێوە بکرێ.

پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال ئەوکاتە چاویان لەهاوسۆزیو کۆمەك کردن بـوو کە کەم تەمەنو کەمدەرامەت بوون، ئەوەی لەکاتی شاڵاوی ئەنفالدا تەمەنی چـەند مانگێك بووبێت، ئەوە ئـەمڕۆ ١٨ سـاڵی تـەواو کـردووەو پێویسـتی بـەوە نیـە کـە دەستەڵاتدارێك یان حزبێك خێری پێبکاتو ئاوڕی لێبداتەوە!!. ئەگـەر بەدرێـژایی ١٥ ساڵی رابـردوو ئـەو پارەوپوولـەی کـە لەبۆنـەو یادەوەریـە رەمزیـەکانی حـزبو دەسـتەڵات سـەرفکراون، بەبنەماڵـەی قوربانیـان بـدرابوون، لەوانەیـە بەشـێك لـەئازارەکانی کەمدەکردنـەوەو پێویسـتیەکانیان کـەمتر دەبـۆوە. لەوانەیـە بـەو گوژمەیە دەکرا شارۆچکەیەکی وەك رزگاری (سمود)، یان (دارەتـووی) پێئـاوەدان بکرێتەوە.

ئەمڕۆ لەهەژدەمین ساڵیادی قوربانیانی ئەنفالـدا، پاشمـاوەی ئـەو قوربانیانـە چاویان لەهاوکاری ماددی نیە، بەڵکو دەخوازن لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو بەرپرسـانە بکرێـت کـە لەسـەر رووبـاری خـوێنی شـەهیدانیدا خۆیـان دەوڵەمەنـدکردووەو سەروەتو سـامانیان کۆکردۆتـەوەو لەبەرانبـەر راژەکـردن بەبنەماڵـەی شـەهیداندا کەمتەرخەمیان نواندووە. ئاواتەخوازن کـە تاوانبـارە گـەورەکان، ئەوانـەی بڕیـاری شاڵاوی ئەنفالیاندابوو لەبەردەم دادگـە رابگیرێـنو لێکۆڵینـەوەیان لەگەڵـدا بکـرێو سزا بدرێن. بنەماڵەی قوربانیەکان چـاویان لـەوە برێـوە کـە هـەواڵێك لـەو کـەنیزە پاکانەوە ببیستن کە وەك کویلە فرۆشراونو رەوانەی دەوڵەتانی عەرەبی کراون.

**سڵاو لەگیانی پاکی قوربانیانی ئەنفال.**

**سڵاو لەخۆڕاگریو وره بەرزی پاشماوەی قوربانیەکان.**




# نیپال: شا بۆ گوشارەکان چەمایەوە



دوای ئـەوەی خـەڵکی نیپـال رژانـە سـەر شـەقامەکانو داوای هەڵوەشـانەوەی حکومـەتیان کـرد، هێزەکـانی ئاسـایشو سـوپا زۆر بەتوونـدی وەڵامـی داخـوازی خـەڵکیان دایـەوە، دوای ١٠ رۆژ لـە نـاڕەزاییو خۆپێشاندان، گیانندرا پادشای وڵات لـە وتاری خۆیدا سـەبارەت بەساڵی نوێـوە رایگەیانـد لەسـەر داوای خـەڵكو لـەژێر گوشاری هێزە نەیارەکاندا بڕیـاری داوە لەداهاتوویـەکی نزیکـدا هەڵبـژاردنێکی سەرانسەری بەرێوەبچێتو حکومەتێکی نوێ پێکبهێنرێت. ئەوەی شیاوی باسە یـەکێتی ئـەوروپا زۆر بەتوونـدی لایـەنگیری لەخۆپێشـاندەران دەکـردو داوای دەکـرد کـە دەبـێ خواسـتەکانیان لەبەرچاو بگیرێت. لەم بارەیـەوە خـاتوو نینا گیل سەرۆکی دەستەی پەرلـەمانی ئـەوروپا گـوتی: نـابێ رێگەبـدرێت کـە رەوشی نیپال لەوە زیاتر ئاڵۆزتر ببێـت. هەروەها ئەندامێکی پایەبـەرزی یـەکێتی ئەوروپا داوای لەپادشای نیپـاڵ کردبـوو کـە دانوسـتاندن لەگـەڵ هێـزە سیاسـیە نەیارەکاندا بکات. شـایانی گوتنـە شـای نیپـال هەسـتی بـە گـەورەبوونی گوشـارەکانی نـاوەخۆییو دەرەکـی کـردووە ئامـادەیی بـۆ گفتوگـۆ لەگـەڵ ماویستەکان دەربڕیوە .